


# ئاوازی پاتاکردنەوە

## خوێندنەوەیەک بۆ کۆمەڵە شیعری (ئەستێرەکان بریینی مرۆڤن)

ئەرشەد عاسی

ئەم دیوانە خنجیلانەیە چوارەمین کۆمەڵە شیعری شاعیر (داستان بەرزان)ـە، کە کتێبەکە قەبارەی مام ناوەندییە و (١٤٢) لاپەڕەیەو سێزدە دەقی لەخۆ گرتووە، لە بڵاوکراوەکانی (خانەی ڕۆنان)ـە لە سلێمانی.

بڵاوبوونەوەی کتێبێکی شیعری لەسەردەمی تەکنۆلۆژیا و فەیسبووک جێگەی ئاسوودەیی و شادمانییە، کە ئێستا شیعری فەیسبووکی و شاعیری فەیسبووکی هاتوونەتە گۆڕەپانەکەوە، ئەو جۆرە شاعیرەش گرنگ نییە بەهرەداربێت، لەوانەیە نیو بەهرە، بەڵکو بێ بەهرەبێت، ئاساییە ماریفەت و ڕۆشنبیری گشتی و زانیاری ئەدەبی و خوێندنەوە و کتێبدۆستی و گوێگرتنی میوزیک و عاشقە جوانی نەبێت، ئینجا لەنێو ئەم جەنجاڵی و گەڕەلاوژەیە چرۆی کتێبی شیعری جیددی و شیاو ئەوپەڕی بەختەوەرییە.

لە سەرەتای دوو هەزارەکانەوە بەدیاریکراوی دوای (٢٠٠٣) بزووتنەوەی شیعری لاوان دەستپێکی قۆناغێکی تازەبوو، خوێنەریش بەتایبەت خوێنەری شیعر هەمیشە ویڵی بەرهەمی نوێ و دەربازبوونە لە لاسایی و کاری ساوا، چون تازەگەری ئەدەبی بەشێوەیەکی گشتی و بەردەوام نیازمەند بووە. نوێبوونەوەش لە شیعری کوردیدا ئەگەر بەکاریگەری ئەدەبی بیانیش بووبێ، بەڵام لە بنچینەدا پێویستیی شیعری بووە، لە نەوەی یەکەمدا بۆ دەربازبوون لە هەیمەنەی کلاسیک شیعری نوێی تورک ئەو کاریگەرییەی کردووە، لای نەوەی دووەم، شیعری نوێی عەرەب و دەربازبوون لە هەیمەنەی ئایدۆلۆجیا، لای نەوەی سێیەم شیعری ئەمەریکایی و ئەورووپایی و پاککردنەوەی شیعر لە زیادە ناشیعرییەکان، زەروورەتی نوێبوونەوە بنچینە بووە.

جا ئەگەر سەیری شیعری نوێ و شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکان و پێش ئەویش بکەین دەبینین قۆناغەکانی شیعری نوێی کوردی لە چوارچێوەی لاساییکردنەوە بووە، بەڵام ئەمە مانای دەقاودەق ناگەیەنێت، ئەگەر بێین هەر شیعرێکی شێخ نووری، یان لەتیف هەڵمەت تەرجەمەی هەر زمانێک بکەین، ئەوە نە لە شیعری تۆفیق فیکرەت دەکا، نە مایکۆڤسکی، نە سەعدی یووسف و ئەدۆنیس، ئەوانە ڕەنگە لە

بیناسازیی هونەری چامەدا سوودیان وەرگرتبێت، بەڵام ناوەرۆک شتێکی دیکەیە.

لەم کۆمەڵە شیعرییەدا هەمان ئەو بیرۆکەیە بەدی دەکرێت و ئەو ئەفراندنە هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەست دەکەیت دەقەکان لە یەکتری زاوزێیان کردووە، ئەمەش هەمان بۆچوونی (نیتشە)مان بەیاد دێنێتەوە کە هیچ شتێکی تازە لە ئارادا نییە، یان بە زمانی ئێمە؛ لەژێر چەتری ئەو کۆمەڵە شیعرییەدا هیچ شتێکی نوێ بەدی ناکرێت.

ئەگەرچی هەندێ جار شیعر هەیە هەوڵی تێکەڵاوکردنی پەڕەکان دەدات بۆ ئەوەی ئەم تێکەڵاوکردنە گۆڕانێک لە شێوە و ناوەرۆکی جیهان بهێنێتە کایەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شیعر وەک ئامێرێکە و پێویستی بە چارەسەرییە لە ڕێگەی کەرەستەکانی دەربڕینەوە، کاتێک شاعیر کارزان بوو لە پەخشان کردنی هەستەکان بەشێوەیەک هەر کەرەستەیەک بگەیەنێتە گرۆڤەی گونجاوەوە، ئەوە بنیادی شیعرەکە تۆکمە دەبێت. لێرەوە کە دەنواڕیبە هۆنراوەکان هەست دەکرێ کە کەرەستەکانی هەمان کەرەستەن، یان لە زۆر لە کەرەستە بەکارهاتووەکانی کتێبەکانی دیکەی شاعیر جیاوازنین، گۆڕانێکی ئەوتۆ لەم لایەنەوە نابینرێت، ئەمەش کار لە لاوازی تەوزیفکردن دەکات، چون تەوزیفکردنی تۆکمە یەکێکە لە پێکهێنەرە هونەرییەکانی شیعر، هەروا یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی کە شاعیر بۆ کەڵانیی وزەی زمان و ئیحا و گرۆڤەکان پشتی پێ دەبەستێت.

کەرەستەی شیعر خاڵێکی گرنگە، کە زۆر لە لاوەکان ڕەنگە بەشێوەیەکی پێچەوانە تێی گەیشتبن، بوون و بەکارهێنانی دەستەواژە و وشە و بێژەی هاوچەرخ، یان شتێک پێوەندی بە پێشووە نەبێت لەوانەیە خزمەت بەدەق نەکات، ئەدیبی میسری عەباس مەحموود عەققاد لە پرۆژەی تازەگەرییەکەی باس لەوە دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو بەو تێگەیەی کە ناوهێنانی وشەی (حوشتر) مانای ئەوە نییە تۆ شتێکی کلاسیک و کۆنت بەرهەم هێناوە و (فڕۆکە)ش بەکاربهێنی، کەواتە مۆدێرنە، نوختەی کرۆک و گەوهەری دیدی شاعیرە بۆ ژیان.

شیعر هونەرێکە شاعیر لە ڕێگای زمانەوە بەشێوازێکی ڕێک و تەکنیکی مامەڵەکردنی هونەرەوە، لە پانتایی فەرهەنگی زماندا دەستەبەری دەکات. ئەگەر بە ڕامانەوە سەیری بکەین دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە خۆی زمان سروشتێکی دوو لایەنەی هەیە، لەلایەکەوە هۆی پێوەندییە، لەلایەکی تریشەوە هۆیەکە بۆ دەربڕین، ئەمە جگە لەوەی کە زمان هەم واقیع و هەم ڕەمزی واقیعیشە، لەبەر ئەم هۆیانە زمان هەمیشە مایەی بایەخپێدانی شیعربووە.

ئەگەر کۆی شیعرەکان بەگشتی بزوێنەری ڕوحی ئێمە نەبن، یان موچڕکە بە سەلیقەمان هەڵنەزنن، ئەوە بەدەر نییە لە ڕستەی شیعریی جوان کە وەکترووسکە دێنە بەر چەم و وات لێ دەکات زیاتر لە جارێک بیانخوێنیتەوە، ئەمەش تۆقەلانی چەلەنگییە لە ئەدەب، چون شیعر گوشراوترین و چڕترین شێوەی ئەدەبە کە زۆرترین شت لە کەمترین وشەدا دەردەبڕێت. بۆ نموونە لە دەقی (ئەو ڕۆژانە قورسن بە ژیانم، یان دۆزەخی شێرپەنجە) کە دێتەگۆ لەسەر هەڵڕشتنی کەفوکوڵی ناخی و یاخیبوونی بەسەر کەشی ژین و خۆ سپاردنی بە قەدەرێ، دەڵێ:

**"من نەوەی برین و**
**خوێن و**
**مەستیم.**
**بە ڕەقی ژیان**
**سەرما دەچێتە بوونمەوە.**
**ڕۆژێکیش وەک سەگێکی بریندار**
**لە پەنا دیوارێکدا دەکەوم**
**لەم شیعرەدا مردنم بدۆزنەوە"**

شیعر چەسپاندنی دڵنیایی هزری نییە، بەڵکو چەسپاندنی ویژدانی سۆزە، شاعیر کە باسی دڵتەنگی خۆی دەکات کە ڕادەبەدەرە و خەونیش بە هانایەوە نایەت تیشکی هیوایەکی پێ بدا، خەیاڵیشت ئاسوودەیی پێ نابەخشێت و پاداشتی هەر هەژمەتییە، دێت لە ڕستەیەکدا هەموو ماناکان کۆدەکاتەوە و لە هەمان دەق ئێژێ:

**"دەزانم لە پاداشتی خەیاڵەکانیشمدا**
**تەنیا برینی ڕەنگاوڕەنگ دەچنمەوە"**

یان لە دێڕێکی ناوازەی تردا لە دەقی (ئێوارە گەیشتە ژوورەکەم) پوشقاقەزی واتای یاد و خەوبینین لە چەپگەردی مەعشووقەکەی دەفڕێنێ و وێنایەکی شۆخی چڕ ئیستێتیکا پەخش دەکات، ئاخر ئیستێتیکا لە گشت ڕەهەندێکەوە بۆ تەلاری شیعر

پێویستە، شیعر بەبێ بوونی ئیستێتیکا تەلارێکی ڕووت و دزێوە. دێت و دەڵێت:

**"لە دڵۆپێک ئاونگدا دانیشتووم و**
**خەون بە ئێوارەکانی تۆوە دەبینم"**

شێوە و کێکەنی دیاری هۆنراوەکان زیاتر (خەم) و دڵپارسییەکی توندە، مرۆ لە سەرەتای بوونییەوە بەدەست قەیرانەکانی ژیانەوە دەناڵێنێت، پەی بە هەموو شتێک دەبات و (خەم) لە ترۆپکدایە، هەستکردنی ئادەمیزاد بە ئازار و غەمگینی هاوڕێی جاویدی بووە، ئەو ژان و هانکەهانکە و هەڵتەکانانەی دڵ بینراوە و بەردەوام لە دیرۆکی شیعردا دەبینرێت، هەر لە ئەزەلی وجوودی ئەم هونەرەوە.

شاعیر بە دەم ئازارەوە لە زیاتر لە شوێنێک ئاخ و وەیلانی خۆی دەپرژێنێتە سەر پەڕە و بێ ئومێدانە سەمای داتەپین و بێکەسی و مەرگ لەنێو وشەکان و دەربڕینەکان دەکات، ڕەنگە دەربڕینێکی ڕاشکاوبێت بۆ ڕاستگۆیی، یەکێکیش لە مەرجەکانی جوانی و هونەری جوانیی ڕاستگۆییە، کاتێ ڕاستی لە بەرهەمی هونەری (ئەدەبی)دا نامێنێ، ئەوە جوانییش بەجێی دەهێڵێ. مەبەستمان ڕاستیی ژیانی ڕۆژانە نییە، بەڵکو ئەو ڕاستییەیە کە هونەرمەند (شاعیر) بەهۆی زانیاری قووڵییەوە دەربارەی ژیان، بەهۆی بەهرەی هونەری و کارامەییەوە دەیخاتە بەر چاوان و پێشکەشی دەکا. بۆ نموونە لە دەقی (لیبۆکێک لە ژوورێکدا بیردەکاتەوە):

**"کێ ئازاری دەگات؟**
**کاتێک لە دڵەوە ئازارم هەیە.**
**کێ برینەکانی جەستەم هەست پێدەکات؟**
**کاتێک هەموو گیانم برینە.**
**کێ خەمم دەخوات؟ کاتێک خەم دەمجوێت"**

**"ماوەیەکە لەگەڵ ژوورێکدا خەریکی ڕامانم**
**ڕامان دووەم پیتی لێبمەرەوە**
**ئینجا گوزارشتەکە ڕاستە"**

تا دەگاتە هەستکردن بە (هیچ) و بڕوا بە ڕۆیشتنی تاهەتایە دەکات و هیوای بە پیرەوە چوونی مردنەوە هەیە و بێ سوودی و هەڵیت و پەڵیتی سەرجەم شتەکانی ژین و دەوروبەری بۆ ڕوون بووەتەوە، بۆیە بەخۆزگەیەکی داخ کراوەوە داوای کۆچکردنی ئەبەدی دەکات تا مەرگی مانای هەبێت، لە دەقی (مانیفێستی قسە) دێتەگۆ:

**"دەزانم هیچ سوودێکم نییە**
**تکایە بهێڵن مردنم مانایەکی هەبێت"**

جار هەیە هەندێ وشە و تێڕوانین و کەرەستە بەکاردەهێنرێت ڕەنگە جێی سەرنج بێت، بەڵام لە لایەنە نەرێنییەکەی، چون لەوانەیە هیچ هزرێکی لەپشتەوە نەبێت و خوێنەر تووشی ڕامان و هزرین نەکات، جگە لە دەستدانی ئیستێتیکای دەق، ڕەنگە بەکارهێنانی لە شوێنی گونجاوی خۆی شایستەبێت؛ کە دەتوانرێ لە چەند کۆپلەیەکی دەقی (سەگەکە منم، یان ژیان بۆ هەمووان) ببینرێت، بەڵام ئەمە تەوزیفکردنی لە شیعردا بەشێوەیەکی نەگونجاو و پێشکەشکردنی بیرۆکەیەکی تەماوی لە ئەودیو دەربڕینیدا - دەشێت لە خانەی بیرسای شیعردا سفر بەدەستیش نەبێت، بۆیە لێرەش هەمان قسەی (عەققاد)مان دێتەوە پێش، خۆ وێنەش ئامرازێکی هەرە گرنگی بنیادی هۆنراوە و هۆزانڤانە، گۆڕەپانێکی بۆ چالاکی نووسەر لە پێناو ڕەپێشکردنی بەهرە، بەڵکو دەتوانین بڵێین توانایە هونەرییەکەی، بەتایبەت شاعیرە نوێخواز و تازەگەرییەکان کە مامەڵە لەگەڵ وێنەی شیعریدا دەکەن بۆ بنیادی قەسیدە و بەرجەستەکردنی ڕەهەندە جیاکانی ڕوانینی شیعری. لە ڕێگەی وێنەوە شاعیر هەست و نەست و هزری لە شێوەیەکی هونەری بەرهەست وێنا بکات، هەروەها دیدی تایبەتی خۆی بۆ بوون و پێوەندییە حەشاردراوەکان لەنێوان پێکهێنەر و خاڵە سەرەکییەکاندا بخاتەڕوو، چونکە شیعر شەمەندەفەرێکە هەموو دنیات پێ دەکات، نەک تەنێ بتگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

ئاشقی ئێستا لەبەر ئەوەی لەگەڵ مۆدێلی تازەی مرۆڤ هەڵناکات و بە چەشنێکی بێزارکەر ناوی دەبات، ژیانیان لەگەڵ سەگ پێ پەسەندترە، ئەوە لە سەرووی ئەو مرۆڤانەش ڕەنگە شاعیرەکان بەشی شێریان هەبێت، ئەگەر بە تێڕامانەوە ڕوو بدەینە سێ کۆپلەی جیاواز لە زیاتر لە دەقێکدا درک بەو ململانێ و نەویستن و دوورەپەرێزی لەلای شاعیران دەکرێ، چون شاعیر گەڕۆکە، بەدوای خەون دەکەوێ، جگە لە وشە چ چەکێکی نییە، هەمیشە بە قسە زل و زۆپ تاوانبار دەکرێت، گەیشتووەتە ئەوەی ئاشق بەرپەرچی ئەو هەستەی خۆی بداتەوە

و خوانەخواستە ببێتە شاعیر، ئەو تێڕوانینە دەچێتە زیاتر لە گۆزەیەکەوە، یان ئەو بیرۆکەی تۆزێ پێش ئێستا باسمان کرد، یان ئەو شەپۆلە شەگەوبەگەیەی هاتوونەتە نێو بوارەکە و بە هەر شێوەیەک بێت دۆخەکەیان نالەبار کردووە، ئەوەتا دەڵێ:

**"خەریکە فێری قسەی گەورە دەبم**
**کەواتە دەبمە شاعیر**
**لە خودا دەپاڕێمەوە ئەوە ڕوونەدات"**

یان لە دەقی (خاڵەکانی سەر جەستەت لەم شیعرەدا دەبن بە گوڵ) دێت و هەمان تێگەیشتنی باوی هەندێکیان دەخاتەڕوو کە شاعیرەکان (درۆزنن)، ئەگەرچی لە هەقیقەتدا شاعیران جوداوازن لە خستنەڕووی ڕوانینەکانیان لە شیعردا، شتگەلێک هەن کە کاریگەری ڕوونیان لەسەر چامە و هونەر هەیە، ئینجا ئەگەر کۆمەڵایەتی بێت، یان ژینگەیی، یان هەر شتێکی دیکەبێت، کە لە شاعیرێکەوە بۆ یەکێکی تر جیایە، کاریگەری و هۆشداریی شاعیر بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەوەی لە دەوروبەری دەگوزەرێت و لەوێوە خستنەڕووی شیعری و واتا و تێگەکانی دەبینرێت. شاعیر دێت و دەڵێت:

**"باوەڕ بە درۆی پیاوە شاعیرەکان مەکە**
**دنیا بە قسەی کەس چاک نابێت"**

لە دەقی (مانیفێستی قسە) دیسان دێت و جەخت لە بیرۆکەی ئەگەری دووەمی ئێمە دەکاتەوە، ئەگەرچی بە ڕەها دواوە بەس لەوانەیە هەمان مەبەستیش بێت، لێرە ئەو ڕستە ناودارەی خانمە ڕۆماننووسی سعوودی (ئەسیر عەبدوڵڵا ئەلنەشمی)مان دێنێتەوە یاد لە یەکێک لە ڕۆمانەکانیدا (بڕوا بە هیچ شاعیرێک مەکە، هەموو شاعیران درۆزنن)، کەواتە شاعیر هەر لە ئەلفەوە تا یای هەرچی لەو مرۆیانە هەیە کۆی دەکاتەوە لە خانەی گەپچاندن و هیچێتی دەڵێت:

**"ئەوان هیچیان نییە**
**هیچیان تێدا نییە**
**هیچ ناخەنە سەر بیری کەس**
**ئەوان مەبەستم شاعیرەکانە"**

لە کۆپلەکەی دواتری ڕێک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دێتە قسەکردن و تەواو بیرۆکەکە پێشکەش دەکات کە ئەو بارە تەمومژ و خواروخێچەی هاتووەتە پێشەوە، کە بە سەرنجەوە دەیخوێنینەوە ئەوە بۆمان دەردەکەوێت بەرانبەر شاعیرەکان چ خەفەتێک دەروونی ئاشقی تەنیوە، تا ئەو ئاستەی خولیای خۆی بۆ سۆزانییەکان تەرخان بکات لەجیاتی بەزم و دانیشتنی شاعیران، بۆیە دەڵێت:

**"کە سەرخۆش دەبووم**
**شاعیرەکان قسەکانیان دەدزیم و**
**سبەینێ دەیانکردە شیعر؟**
**ئیتر بڕیارمدا لەگەڵ قەحپەکان دانیشم و**
**شاعیرەکان فەرامۆش بکەم"**

خاڵێکی دیکەی بەر لە کۆتایی، دەربارەی ئەو ڕەهەندە سێکسییانەیە کە لە هەندێک لە هۆنراوەکاندا هەیە، پشتی بەستووە بە دەربڕینی ڕووت، نەوەک وەک ڕەمزێکی جەمالیەت و گەیشتن بە دەلالەتەکان، لەسەر مانا پەتییەکە کارکراوە و (ئیحا) و (خوازە) پشتگوێ خراوە، بنووسی ئەم شێوە دەربڕینە ڕووتانە لەم کتێبەدا پەیوەست نییە بە تێگەیەکی هەڵە، بەڵکو وەک خۆشەویستییەکی (عوزری - عذری)یش مامەڵەی لەگەڵ ئیرۆتیک نەکردووە، ئەو لە شێوەی تەقلیدی بۆ ڕوانینی وەسفی پەیوەست بە جەستە نزیکترە، کە وێنە شیعرییەکان زێدەڕۆییەکی تەواویان پێوە دیارە و بەهۆیەوە جوانناسی لەناو دەچێت، چونکە کاتێک سروشتێکی بێژەیی شیعری بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ نووسرا، ئەوە هیچ پێوەندییەکی بە بناغەی زمان و ئیستێتیکا و واتا و گرۆڤەکانی نابێت، کە بوێرییەکی دروستکراوە، ئەگەر ئێمە لەم ئاستە بوەستین، ڕەنگە کەسانی تر بە جەمالەتێکی نەزۆک ناوی بەرن، کە پێیان وابێت لە ئەندێشەیەکی لەڕ و ڕامانێکی ژاژەوە دەرچووە.

شیعر کە شیعربوو خۆی بە باڵی شیعربوونی خۆیەوە دەفڕێنێت و ئاسمانەکانی دنیای خوێنەران تەی دەکات. لێرە بەرانبەر جوانترین دەقی کتێبەکەین بەناوونیشانی (وشە پێکمانەوە دەبەستێت)ە، ئەویش شاعیر بە هاوبەشی لەگەڵ خاتوو (کۆچەر ئەبووبەکر) نووسیویەتی، ئەو دەقە کەشێکی عیشقیی نەشمیلی ئەفراندووە، دەربڕینی باڵای لەخۆ گرتووە کە دەتوانین ناوی بنێین (سادەی مانادار)، بە هێمنی وشەکان بۆ خوێنەر دەخزێن، ئەوەتا لە چەند جێگەیەکی جودا دەڵێن:

**"کاتی ئەوە هاتووە پێت بڵێم:**
**دنیا بە جوانیتەوە سەرقاڵە.**

**کاتی ئەوە هاتووە پێت بڵێم:**
**دنیا ئەوە ناهێنێت، (ماچم بکە).**
**کاتی ئەوە هاتووە پێت بڵێم:**
**بەهەشتی من تەنیشتی تۆیە."**

لە کۆتایی هۆنراوەکەش وەک پەیامێکی تیژ و دروست کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەیە لە بازنەی عیشقدا، قسەی ڕەخنەگران وەلا دەنێن، بەڵکو ڕەنگە بگاتە قسەی خوێنەرانی وەک ئێمەش، ئاخر نووسین چ قورێک بەسەری خۆیدا دەکا گەر عیشق نەبێت، بەشێوەیەک کە عیشق تاکە هۆکارە بۆ قوتاربوونی خود و ناخ لە خراپە و گەندەژەیی و زاڵبوون بەسەر لاوازی دڵ، لە ڕێگەی ئەو نووسینەش کە بەهۆی عیشقەوە سەرچاوە دەگرێت مرۆ پاک دەبێتەوە، بەڵێ ئاوایە عیشق، بۆیە ئەویندار دەبێژێ:

**"گوێ بۆ ڕەخنەگران ناگرین**
**تا بتوانین ئەم ئەڤینە دەنرخێنین**
**دەبێت فێربن پەیوەستبوون چییە؟**
**کاتی هاتووە بیڵێین:**
**بەبێ عیشق، نووسین نییە.**

لە دیدی ساکاری ئێمەوە تایبەتمەندی دیار لەم کۆمەڵە شیعرییەدا پاتاکردنەوەبوو، پاتاکردنەوە بە مانا ئەرێنییەکەی نا کە بەهایەکی جوانناسییە و نهێنی سەرکەوتنی زۆربەی هۆنەرە نوێخوازەکانە، وا لە دەستەواژەکان دەکات بۆ گەشە و جێبەجێکردن گونجاو بن. بەمەش کاریگەری وەزیفەی خۆی دێنێتەدی وەک کەرستەیەکی جەمالییەت کە هاوکاری شاعیرە بۆ پێکهێنانی هەڵوێست و وێناکردن. کێشەی دیدگای ئێمە لەگەڵ نەخستنەڕوو و پتەونەکردنی پێوەندییە تازەکانی زمانەوانی و کەرەستەیە کە خزمەتی ئەزموونەکە نەکات و لە ڕیتمی دووپاتکردنەوەیەکی سەربنێتەوە.

ئەو کاتەی شاعیر دەنووسێت، لە زەمانی خۆی دەردەچێت و دەچێتە ناو زەمانێکی تایبەتییەوە، ئەو کاتەی ئێمە دەخوێنینەوە لە زەمانی خۆمان دەردەچین و دەچینە ناو زەمانێکی تایبەتەوە، بۆیە لە دوا وێستگەدا دەمانەوێ بڵێین؛ ئێمە وەک خوێنەر ڕەوز و ڕێچکە بۆ شاعیرەکان دانارێژین بە ڕادەی ئەوەی بە دوای چێژ وەرگرتن و ئارامی دەروون و گەرمبوونەوەی ڕوحمان بە دەقی ناوازە و هەستی بەپێز وێڵین، بە هۆنراوە و دەربڕینی هەژەندە ؛ کە ڕەنگدانەوە و تەرجەمەی هەقیقەتی ناخی هەر یەکێکمانی کردبێت، دوور لە پاتاکردنەوە و کوریانەوە.

**سەرچاوە و کتێبەکان:**

**أ- بە زمانی کوردی:**

١- داستان بەرزان: ئەستێرەکان برینی مرۆڤن - شیعر، لە بڵاوکراوەکانی خانەی ڕۆنان، چ ١، سلێمانی، ٢٠١٧.
٢- دڵشاد عەبدوڵلا: بەیانی شیعریی شاعیرانی پێشڕەو، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٤٢، تەمموزی ٢٠١٧.
٣- لۆرانس پیرین: شیعر چییە؟ وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەبووبەکر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی پیرەمێرد، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٤- بەختیار عەلی: گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕامانی ژمارە ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٢.
٥- د. ئازاد ئەحمەد مەحموود: بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چ ١، هەولێر ٢٠٠٩.
٦- غەمگین بۆڵی: گۆرانییەکی شین، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ ١، هەولێر، ٢٠١٢.
٧- مەجید مەحموود موتەڵیب: شیعر و فەلسەفە، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: فوئاد مەجید میسری، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چ ٢، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٨- ئەرشەد عاسی: شاعیران، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٨٩٤٢)، ٢٠١٦/١١/٢٩.

**ب - بە زمانی عەرەبی:**

١- عباس محمود العقاد و إبراهيم المازني: الديوان في النقد والادب، مؤسسة دار الشعب، ط٤، القاهرة، ١٩٩٧.
٢- محمود درويش: يوميات الحزن العادي، دار رياض الريس للكتب والنشر، ط٤ الجديدة والمنقحة، بيروت، ٢٠٠٧.
٣- عبدالكريم كاظم: النص الايروتيكي.. شهوة الحرف وجمالية اللفظ، موقع تحولات، ٢٠١٥.
٤- علي محمد اليوسف: الفلسفة والشعر، جريدة الديار اللندنية، لندن، عدد ٢٠١٧/٣/٢٧.
٥- امال عواد رضوان: ظاهرة الكتابة الإيروسية عند المرأة، صحيفة المثقف الإلكترونية، سيدني، عدد خاص، ٢٠١٠/٢/٢٠.
٦- خميس قلم: من أدوات التعبير الشعرية قاسم مثلا، صحيفة أثير الإلكترونية، مسقط، عدد ٢٠١٦/٨/٢٢.
٧- مدحت الجيار: الصورة الشعرية عند أبي القاسم الشابي، دار المعارف، ط٢، القاهرة، ١٩٩٥.